# قوتابێتی - 1

## وانەی هەشتەم

**نزا**

رابەری گروپ: نزابکە لەپێناوی تەرخانکردنی گروپەکەت و ئەم بەرنامەیەی ئامادە کردنی قوتابی بۆ خوداوەند.

## بەشداری کردن

**ئنجیلی مەتا**

بەنۆرە بەشداری بکەن (یان لە پەراوی خەلۆتی روحی تایبەت بە هەر یەکێك لە ئێوە) ئەو زانیارییانە بخوێنە کە لە یەکێك لە خەلۆتە روحییەکان یان لە ئەنجامی ورد بوونەوەت لەو برگە کتێبییانەی کە بۆتان ئامادە کراوە (مەتا25: 14 - 28: 20) لەگەڵ رەچاوکردنی بەشدارییەکان بەشێوەیەکی کورت بە پێی توانا. گوێ بگرن لە بەژداربوان، هەروەها بە هەواڵدەرانە مامەڵەی لەگەڵدا بکەن و پەسەندی بکەن، بەبێ ئەوەی گفتوگۆی زۆری لەسەر بکەن.

## متمانەی لێخۆشبوون 1یۆحەنا1: 9

**دەرخ کردن**

**ئـا هاندەری دەرخ کردن**

**بخوێنە:** (مەتا22: 23-33 ، 41-46).

**گفتوگۆبکە:** ئایا گرنگی دەرخ کردنی هەندێ لە ئایەتەکانی کتێبی پیرۆز چییە؟

**تێبینییەکان:** ئەو ئایەتانەی دەرخی دەکەیت یارمەتیت دەدەن فێرکردنە هەڵەکان بناسیت.

**ب- رامان**

| | | |
|---|---|---|
| ئایەتەی دەرخ کردن لەسەر پەراوێك بەم شێوەیە بنووسەوە. | متمانەی لێخۆشبوون<br>*﴿ئەگەر دانمان بە گوناهەکانمان نا، ئەوا دڵسۆز و دادپەروەرە، تەنانەت لە گوناهەکانمان خۆش دەبێت و لە هەموو ناڕەواییەك پاکمان دەکاتەوە﴾* (1یۆحەنا1: 9) | نیشانەی کتێبی لەپشت پەراوەکە بنووسەوە |

**1** بەرپرسیاری من ئەوەیە دان بە گوناه بنێم

واتای دان نان بە گوناه (رێك کەوتنە لەگەڵ خودا) کاتێك گوناهەکانمان بۆ دەردەخات، هەروەها رێك بکەوین لەگەڵ کتێبی پیرۆز لەلایەنی تێگەیشتنی گوناه، واتە ئەو گوناهانەی ئەنجامی دەدەین بە خودای رابگەیەنین، ئەو شتە راستانەی کەم تەرخەمیمان کردووە لە ئەنجامدانی بە خودای رابگەیەنی.

**2** بەرپرسیاری خودا ئەوەیە ببورێت و پاکبکاتەوە

ئـ) کاتێك خودا لە گوناهەکانمان خۆش دەبێت هەستی تاوانباری و شورەیمان لێدەبات کە بە هۆی گوناهەوەیە. عیسای مەسیح وەك قوربانییەك بۆ کەفارەت کردنی گوناهەکانمان مرد، واتە تورەیی دادوەرەی خودای لەسەرمان لابرد کە ئێمە شایستەین بە هۆی گوناهەکانمان (روما3: 25) (زەبووری32: 5). بەم شێوەیە هیچیتر تاوانبار نین لە دیدی خودا، هیچیتر پێویستمان بەوە نییە هەست بە ریسوایی بکەین بەهۆی ژیانی رابردووی پڕ گوناه، چونکە خودا هیچیتر باسی گوناهەکانی رابردوومان ناکات (مەلاخی7: 18-19) (عیبرانییەکان8: 12). سەرزەنشتمان ناکات بە هۆی گوناهەکانی رابردوومان (یۆحەنا5: 24). چونکە بە راستوودروستی عیسای مەسیح داپۆشین و کردمانییە ئەندامێك لە خێزانەکەی (لۆقا15: 20-24).

ب) کاتێك خودا لە گوناهەکانمان خۆش دەبێت ئازادمان دەکات لە دەرەنجامی ئەو گوناهانەی ئەنجامان داوە. واتە پاکمان دەکاتەوە، ویژدانمان پاك دەکاتەوە (عیبرانییەکان9: 14)، بیر و هەڵسوکەوتمان نوێ دەکاتەوە.

پ) کاتێك خودا لە گوناهەکانمان خۆش دەبێت دەسەڵاتی گوناه لەسەر ژیانمان لادەبات. ئەو لە گوێلەتی نەریتی هەڵە و خراپ ئازادمان دەکات بۆ ئەوەی بتوانین ئەندامی لەشمان وەك گوێلەی راستوودروستی پێشکەش بکەین (رۆما6: 6، 13، 19).

3 خودا شایانی باوەڕ پێکردنە (دلسۆز) و دادپەروەرە

ئەگەر خودا دلسۆز نەبوایە نەیدەتوانی کەفارەتی گوناه ئامادە بکات و لە گوناهەکانمان خۆشبێت. هەروەها ئەگەر خودا دادوەر نەبوایە نەیدەویست کەفارەتی گوناه ئامادە بکات و لە گوناهەکانمان خۆشبێت. بەڵام خودا دلسۆز و دادوەرە، کەفارەتی بۆ گوناهەکانمان ئامادە کرد، دەتوانێت لە گوناهەکانمان خۆشبێت، هەروەها لە گوناهەکانمان خۆش دەبێت کاتێك دانی پێ دادەنێین.

پ) دەرخ کردن

**بنووسە:** ئایەتە کتێبییەکە لەسەر کاخەزێکی سپی یاخود لە پەڕاوی تێبینی بنووسە.

**دەرخ بکە:** بەشێوەیێکی راست ئایەتەکە دەرخ بکە، متمانەی لێخۆشبوون، (1یۆحەنا1: 9).

**پێداچوونەوە:** گروپەکە بکە دوو بەش، هەر یەك لە قوتابیان دڵنیا بێت لەوەی هاورێکەی ئایەتەکەی دەرخ کرد.

## وانەی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز

## بۆچی من لێرەم ؟

ئەفەسۆس4: 17 - 5: 17

شێوازی پێنج هەنگاوی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز بەکار بهێنە بۆ ئەوەی (ئەفەسۆس4: 17 - 5: 17) پێکەوە بخوێنین.

هەنگاوی 1 بخوێنە

**بخوێنە:** با پێکەوە (ئەفەسۆس4: 17 - 5: 17) بخوێنین. بە ریز هەر کەسێك ئایەتێك بخوێنێت تا تەواو دەبین لە خوێندنەوەی بڕگە کتێبییەکە.

هەنگاوی 2 بدۆزە

**بیرکەرەوە:** ئەو راستییە چییە کە پێت وایە گرنگە لەم برگەیەدا؟ ئەو راستییە چییە کە چووە مێشك و دڵتەوە لەم برگە کتێبییە؟

**بنووسە:** یەك یان دوو راستی بدۆزەوە کە لێیان بگەیت. بیریان لێبکەرەوە و پاشان بیرۆکەکانت لە پەڕاوەکەتدا بنووسە.

**بەژداری کردن:** (پاش ئەوەی ئەندامانی گرووپەکە هەندێ کات بە بیرکردنەوە و نووسین بەسەر دەبەن، بیرۆکەکانتان بەشدار بکەن). بەشداری ئەو شتانە بکەین کە هەریەکێك لە ئێمە دۆزییەوە. (ئەمانەی خوارەوە چەند نموونەیەکە سەبارەت بەو شتانەی کە دۆزیویانەتەوە. لە بیرت بێت لە هەر گروپێکی بچووك، ئەندامانی گرووپەکە بە شتی جیاواز بەژداری دەکەن، گرنگ نییە هاوشێوەی یەکبن).

**دۆزینەوەی** 1 بەلای منەوە راستی گرنگ لەم برگە کتێبییە گرنگی جۆری ژیانی رۆژانەمە. (ئەفەسۆس4: 30) دەفەرموێت ﴿*روحی پیرۆزی خودا غەمبار مەکەن*﴾. (ئەفەسۆس5: 10) دەفەرموێت ﴿*ئەوەی رەزامەندی خودایە بیدۆزنەوە*﴾. هەروەها (ئەفسۆس5: 17) دەفەرموێت ﴿*تێبگەن خواستی خوداوەند چییە*﴾. لە راستیدا عیسای مەسیح زۆر بایەخ دەدات بە جۆنێتی ژیانی رۆژانەم. چونکە دەکرێت ژیانی رۆژانەم خەمباری بکات و لێم رازی نەبێت. ئەگەر درۆ بکەم، ناتوانم توڕەییم کۆنترۆڵ بکەم، دزی بکەم، یان دەمەقالێ لەگەڵ خەڵکانیتر بکەم، یان بەسەر خەڵکیدا هەڵبەستم، ئەوا روحی پیرۆز خەمبار دەبێت. ئەوکات خودا دڵشاد نابێت بە شێوازی ژیانم. بە پێچەوانەوە، ئەوکاتەی راستی دەڵێم، توڕەییم کۆنترۆڵ دەکەم، کاردەکەم و بەشداری دەکەم، لە خەڵکانیتر دەبورم و بونیاتیان دەنێم، ئەوا روحی پیرۆز شاد دەبێت. ئەوکات خودا دڵشاد دەبێت بە شێوازی ژیانم، بۆیە کتێبی پیرۆز دەفەرموێت ﴿*تێبگەن خواستی خوداوند چییە*﴾. هەرچەندە تێگەیشتنم زیاتر بوو بۆ ویستی خودا لە ژیانم، توانام زیاتر دەبێت بۆ ئەنجامدانی ئەو ژیانەی خودا رازی دەکات! بۆیە پێم وایە وەلامی پرسیاری (بۆچی من لێرەم؟) ئەوەیە: (من لێرەم بۆ ئەوەی ویستی خودا بزانم و خودا رازی بکەم بە شێوازی ژیانم).

**دۆزینەوەی** 2 بەلای منەوە راستی گرنگ لەم برگە کتێبییە گرنگی جۆری هەڵسووکەوت کردنمە. چونکە نامە بۆ باوەڕدارانی ئەفەسۆس لە زمانی رەسەن (یۆنانی) چەندەها جار وشەی (بژین) لە خۆ دەگرێت، بە واتای (هەڵسوکەوت دەکەین) یان (ژیانی رۆژانەمان دەژین). چونکە (ئەفەسۆس2: 10) دەفەرموێت کە پێویستە لەسەرمان بژین بۆ کردەوە چاکەکان کە خودا پێشتر بۆمانی ئامادە کردووە تا ئەنجامی بدەین. لە (ئەفەسۆس4: 1) دەخوێنین: ﴿*لێتان دەپاڕێمەوە بە شێوەیەك بژین شایانی ئەم بانگەوازە بێت کەوا پێی بانگکراون*﴾. لە (ئەفەسۆس4: 17) دەخوێنین: ﴿*ئیتر وەك نەتەوەکان مەژین، بە بیرە پووچەکەیان*﴾. هەروەها لە (ئەفەسۆس5: 2) دەخوێنین: ﴿*لە خۆشەویستیدا بژین، وەك مەسیح خۆشیویستین و لە پێناوی ئێمەدا خۆی بەخت کرد*﴾. لە (ئەفەسۆس5: 8) دەخوێنین: ﴿*وەك منداڵی رووناکی بژین*﴾. هەروەها لە (ئەفەسۆس5: 15) دەخوێنین: ﴿*بۆیە ئاگاداربن چۆن دەژین، نەك وەك نەفام، بەڵکو وەك دانا*﴾. بەم شێوەیە خودا بە روونی پێم رادەگەیەنێت کە پێویستە چۆن بژیم. ئەو بە واتاوە پێم رادەگەیەنێت کە پێویستە چۆن ژیانی رۆژانەم (بژیم).

---

وەلامی پرسیاری (بۆچی من لێرەم؟) ئەوەیە: (من لەسەر ئەم زەوییە دەژیم بۆ ئەوەی ئەو ژیانە بژیم کە خودا پێمی رادەگەیەنێت) چونکە خودا بەروونی پێم رادەگەیەنێت شێوازی ئەو ژیانەی کە لە من ناوەشێتەوە وەك باوەڕدارێك، هەروەها بە روونی پێم رادەگەیەنێت شێوازی ئەو ژیانەی کە لە من دەوەشێتەوە وەك باوەڕدارێك. مەبەستی ژیانی سەر زەویم رازیکردنی خودایە. پۆڵسی نێردراو لە نامەیەکیتردا دەفەرموێت ﴿*ئەگەر خواردتان یان خواردتانەوە یان هەر شتێکتان کرد، هەموو شتێك بۆ شکۆی خودا بکەن*﴾ (1کۆرینسۆس10: 31)، چونکە خودا مرۆڤی بەدی هێنا و لەسەر زەوی داینا بۆ ئەوەی خودا رازی بکەن و شکۆداری بکەن. بەم شێوەیە کاتێك خەڵکی بۆ رەزامەندی خودا دەژین، ئەوە خودا پێیان شاد دەبێت، بەڵام کاتێك تەنها بۆ بەرژەوەندی خۆیان دەژین، ئەوا خودا خەمبار دەبێت و سزایان دەدات و لە شانشین دەریان دەکات.

هەنگاوی **3** **هەندێ پرسیاربکە**

**بیربکەرەوە:** ئەو پرسیارە چییە کە دەتەوێ ئاراستەی گروپەکە بکەیت سەبارەت بەم برگە کتێبییە؟ با هەوڵ بدەین هەموو ئەو راستییانە تێبگەین کە لە (ئەفەسۆس4: 17-5: 17) ئاماژەی پێکراوە.

**بنووسە:** هەوڵ بدە بە روونترین شێوە پرسیارەکەت ئامادە بکەیت. پاشان لە پەڕاوەکەت تۆماریان بکە.

**بەشداری کردن:** پاش ئەوەی ئەندامانی گروپەکە هەندێ کات بە بیرکردنەوە و نووسین بەسەر دەبەن، داوا بکە لە هەر کەسێك پرسیارێك ئاراستە بکات).

**گفتوگۆبکە:** (دواتر هەندێ لەم پرسیارانە هەڵبژێرە و هەوڵ بدە لە رێگای گفتوگۆکردن لەگەڵ گرووپەکەت وەڵامیان بدەیتەوە).
ئەمانەی خوارەوە چەند نموونەیەکن دەربارەی چەند پرسیارێك کە لەوانەیە ئەندامانی گرووپەکەت ئاراستەی بکەن و هەندێ تێبینی گرنگ بۆ بەرێوەبردنی گفتوگۆکە دەربارەی پرسیارەکان.

**پرسیاری 1** (4: 17) مەبەست چییە لەوەی کە نەتەوەکان بە بیرە پووچەکانیان دەژین؟

**تێبینییەکان:** مەبەست لە وشەی (نەتەوەکان) ئەو کەسانەیە کە تا ئیستا باوەریان بە عیسای مەسیح نەهێناوە. کتێبی پیرۆزیش دەڵێت کە ئەنجامی هەوڵی نەتەوەکان بۆ بەدەست هێنانی شادی هیوا برِان بوو. ژیانیان بریتییە لە زنجیرەیکی درێژ لە چاوەروانی بێ سوود. هەوڵ دەدەن، بەڵام هیچ بەدەست ناهێنن. دەچنن، بەڵام بە بێ بەرهەم. هەمان تاقیکردنەوەی پێغەمبەر سلێمان تاقی دەکەنەوە. *﴿هەموو رووبارەکان بەرەو دەریا دەرۆن دەریاش هەر پڕ نابێت. بۆ شوێنەکەی خۆیان دەرۆنەوە رووبارەکان بۆ ئەوێ دەرۆن و دەگەرێنەوە. هەموو شتەکان ماندووکەرن، مرۆڤ ناتوانێت دەریانبرێت، چاو لە سەیرکردن تێر نابێت و گوێ لە بیستن پڕ نابێت... هەرچی چاوم خواستی رێم لێنەگرت، هیچم لە دڵم قەدەغە نەکرد لە هەموو خۆشییەك چونکە دڵم بە هەموو ماندووبوونەکەم خۆش بوو. لە هەموو ماندووبوونەکەم ئەمە بەشم بوو. ئینجا ئاورم لە هەموو کردەوەکانی دەستم دایەوە، لەو هەموو ماندووبوونە کە پێیانەوە ماندووببووم، ئەوەتا هەموو پووچن و راونانی بان هیچت بۆ نامێنێتەوە لەسەر زەویدا!﴾* (گۆمکار1: 7-8 ، 2:10-11)

**پرسیاری 2** (4: 18) بۆچی کتێبی پیرۆز دەفەرموێت نەتەوەکان (مێشکیان تاریکە) بەهۆی دڵرەقییان؟

**تێبینییەکان:** لە کاتی بەدی هێنان، مرۆڤ خودای زیندووی دەناسی. بەڵام پاشان کەوتنە ناو گوناه، کەمە کەمە مرۆڤ خودای لەبیرکرد و ژیانێکی جیا لە ژیانی خودا دەژین. کاتێك خودا قسەی لەگەڵ خەڵك کرد لە رێگای پێغەمبەر ئەخنوخ و پێغەمبەر نوح، خەڵکی دڵیان رەق کرد. کاتێك خەڵکی جەخت دەکەنە سەر ئەنجامدانی ستەم، ئەوا خودا لێیان دەگەرێت بنالێنن بەدەست دەرئەنجامی گوناهەکانیان. لەو کاتەی نەتەوەکان دڵیان رەق بوو بەرامبەر بە خودا، خودا رێگای بە دڵیان دا بە رەقی بمێنێتەوە. بەم شێوەیە دڵی ئەم نەتەوانە بوو بە هۆی کردەوە بە ئەنقەستەکانیان. ئەوان حەزیان نەدەکرد بیر لە خودا بکەنەوە. بۆیە خودا مێشکیانی تاریك کرد. بەڵام هەستیان نەدەکرد بە تاریکی مێشکیان (یۆحەنا9: 40-41)! ئەو کەسانەی جەخت دەکەنە سەر ئەوەی بە بێ خودا بژین، تەنانەت ناشزانن کە بێ خودای زیندوو دەژین. بەوەش ئەوان (نەزانن)، چونکە هیچ شتێك نازانن دەربارەی خودای زیندووی راستەقینە.

**پرسیاری 3** (4: 22-24) چۆن دەتوانرێت مرۆڤی کۆن دابکەنرێت و مرۆڤی نوێ لەبەر بکرێت؟

**تێبینییەکان:** مەبەست لە (مرۆڤی کۆنم) نەزانینمە سەبارەت بە خودا و شێوەی ژیانی کۆنمە وەك درۆ و دزی و شتیتر. کاتێك باوەڕ بە عیسای مەسیح دێنم، پێویستە دەست بکەمە خاچدانی جلە کۆنە پیسەکانم لەسەر ئەوە خاچەی کە عیسای مەسیح بەهۆی گوناهەکانی من لەسەری مرد. ئەمەش واتای رزگاربوونمە لە گوناهەکانم لە رێگای دانپێنانم بەرامبەر بە خودا. بەڵام (مرۆڤی نوێم) ئەوەیە کە ویستی خودا بزانم و ژیانێك بژیم کە خودا رازی بکات. ئەوکات عیسای مەسیح جلی نوێم لەبەر دەکات، بەم شێوەیە مرۆڤی نوێم لەبەر دەکەم لە رێگای گوێرایەڵی کردنم بۆ خودا.

گوناهە دیاریکراوەکانم چییە کە پێویستە لێیان رزگاربم؟ کتێبی پیرۆز دەفەرموێت پێویستە رزگارم بێت لە درۆ، تورەیی، دزی، دەمەقاڵێ، هەڵبەستن بەسەر خەڵکیدا، گوناهی رەگەزی، نەوسنی، کینە.

ئەو شتە چاکە دیاریکراوانە چین کە پێویستە لەبەری بکەم؟ کتێبی پیرۆز دەفەرموێت پێویستە لەسەرم قسەی راست بکەم، تورەییم کۆنترۆڵ بکەم، کار بکەم و هاوکاری هەژاران بکەم، بەبەزەیی بم، دڵسۆز بم، لێبووردە بم، خۆشەویست بم، سوپاسگوزار بم، ویستی خودا بزانم، دانا بم لە ژیانم.

**پرسیاری** 4 (4: 26). مەبەست چییە لەوەی تووڕەبین بەڵام بە بێ ئەوەی گوناهە بکەین؟

**تێبینییەکان:** هەندێ پێیان وایە کە باوەڕدار نابێت تووڕە بێت. چونکە ئەوان دەڵێن هەموو تووڕەییەك گوناهەیە. هەندێش پێیان وایە کە دەتوانی بە ویستی خۆت تووڕە بی، چونکە تووڕەیی پەیوەندی بە گوناهە نییە. بەڵام هەردوو ئەم بۆچوونە هەڵەن. چونکە کتێبی پیرۆز پێمان دەڵێ کە بۆمان هەیە تووڕە بین، بەڵام کاتێك تووڕە دەبین نابێت گوناهە (هەڵە) بکەین. تووڕەیی بەخۆی گوناه نییە، چونکە خوداش تووڕە دەبێت، بەڵام تووڕەیی خودا تووڕەییەکی پیرۆزە لەسەر هەموو جۆرە مرۆڤێك. بەم شێوەیە باوەڕداران دەتوانن تووڕەبوونێکی پیرۆز تووڕە بن لەسەر شتە خراپەکان کە خەڵکی دەیڵێن یاخود ئەنجامی دەدەن. ئەم جۆرە تووڕەییە پێی دەوترێ (تووڕەیی پیرۆز). تووڕەیی پیرۆز ئاماژەی پێدەکرێت بە شێوەیەك کە کۆنترۆڵ کردنی خودی تێدا بێت. بەڵام زۆرجار کە ئێمەی مرۆڤ تووڕە دەبین ئەوا کۆنترۆڵ کردنی خۆمان لەدەست دەدەین و هەڵە دەکەین واتە گوناە. چونکە بە کینە و بێزاریەوە  لێکدانەوەی تووڕەیی دەکرێت لەلایەن کەسێکەوە کە هەڵەی کردبێت یاخود کە لێکدانەوەی تووڕەیی دەکرێت بە وشە بریندارکەرەکان یاخود بە ڕێگایەکی توندوتیژ، ئەمە دەبێتە تووڕەیی، بەڵکو تووڕەییەکی هەڵەیە. بۆ ئەوەی کەسی گوناهبارت خۆشبوێت لەو کاتەی ڕقت لە گوناهەکەیەتی، ئەمە پێویستی بە نیعمەتێکی مەزن دەکات لە خوداوە.

**پرسیاری** 5 (4: 26): مەبەست چییە لەوەی نەهێڵی ڕۆژئاوابێت بەسەر تووڕەییی؟

**تێبینییەکان:** زۆرجار لە کتێبی پیرۆز، (ڕۆژئاوابوون) ئاماژە بە کۆتایی ڕۆژ دەکات. زۆر کەس بۆ ماوەی چەند ساڵ لە کەسێك تووڕە دەبن. بۆیە لە ژیانیان بە دەست ئازارێکی توندەوە دەناڵێنن، پارێزگاری دەکەن لە لیستەیەکی دوور و درێژ لە گوناه کە بە درێژایی ساڵانی ڕابردوو خەڵك لەگەڵیان ئەنجامیان داوە. بۆیە ئەوان ڕەخنەیان لێدەگرن و پێیان هەڵدەبەستن. بەڵام کتێبی پیرۆز دەفەرموێت کە نابێت باوەڕدار بۆ ماوەیەکی دوورتر لە کۆتایی هەمان ڕۆژ تووڕە بێت!

پێش ئەوەی باوەڕدار بچێتە سەر جێگاکەی بۆ نووستن، پێویستە لەگەڵ کەسەکەی دیکە ئاشت بێتەوە. دڵسۆزی لە بەرامبەری دەربڕێت و لە خراپەکەی ببورێت.

**پرسیاری** 6 : (4: 27): چون ڕێ دەدەینە شەیتان؟

**تێبینییەکان:** کتێبی پیرۆز هەردوو ئایەتی (ئەفەسۆس4: 27،26) بەیەکەوە دەبەستێتەوە. مەبەست لەو ئایەتەی کە دەفەرموێت ﴿*شوێن مەدەنە شەیتان*﴾ ئەوەیە کە ڕێی نەدەمە شەیتان بێتە ناو ژیانم و بیڕوخێنێت. کە هەست بە تووڕەیی دەکەم دەبێت بە تایبەت وریابم و ڕێگا نەدەم بە شەیتان تووڕەییم بگۆڕێتە ڕق و کینە و لێنەبووردن. بۆیە دەبێت فێربم بە پەلە لە خەڵك ببورم. هەروەها (ئەفەسۆس4: 32) دەفەرموێت کە دەبێت لە خەڵکی ببورم هەروەك چۆن خودا لێمی بووری لە ڕێگای ئەو کارەی عیسای مەسیح ئەنجامی دا لە پێناوم. لە (ئەفەسۆس6: 11) دەخوێنینەوە ﴿*بە چەکی تەواوی خودا خۆتان چەکدار بکەن، تاکو بتوانن بەرامبەر پیلانی شەیتان بوەستن*﴾ چونکە شەیتان هەڵدەستێت بە بەکارهێنانی هەر پیلانێك بۆ ئەوەی وام لێبکات گوناه بکەم. چونکە ئەو دەتوانێت تووڕەییم لە دژی خۆم بەکاربێنێت بە گۆڕینی بۆ وشەی ڕەق یاخود هەڵسووکەوتی توندوتیژ. هەروەها دەتوانێت نەوسنیم بەکاربێنێت و بیگۆڕێتە فێڵ یاخود دزی. هەروەها دەتوانێت ترسم بەکاربێنێت و وام لێبکات درۆ بکەم، بۆیە لەو (یاقوب4: 7) دەخوێنینەوە ﴿*بەرهەڵستی شەیتان بکەن، لێتان هەڵدێت*﴾.

**پرسیاری** 7 (4: 29): چۆن دەتوانی قسەی چاك بکەین کە بیسەران بنیاد بنێت؟

**تێبینییەکان:** پەرتووکی پەندەکان فێرم دەکات چۆن قسە بکەم بە شێوەیەك یارمەتی خەڵك بدات. پێویستە بیر بکەمەوە پێش ئەوەی وەڵام بدەمەوە، هەروەها لەکاتی گونجاو و بەجوانی وەڵام بدەمەوە (پەندەکان15: 23، 28، 1) هەروەها لە (ئەفەسۆس4: 15) دەخوێنینەوە ﴿*بەڵکو لە خۆشەویستی ڕاستگۆبین، با لە هەموو شتێك گەشە بکەین، لەناو ئەوەی سەرە، مەسیح*﴾. بەم شێوەیە لێرە دوو بنەمای گرنگ دەدۆزینەوە بۆ گفتوگۆ کردن ئەویش (ڕاستی) و (خۆشەویستی)یە. لە (ئەفەسۆس4: 29)

﴿وشەی خراپ لە دەمتان دەرنەچێت، بەڵكو هەرچییەكی باشە بۆ بنیادنان، بەپێی پێویستی، تاكو نیعمەت بداتە بیسەران﴾، بەم شێوەیە بنەمایتر هەیە بۆ قسەكردن ئەویش قسە كردنمان بۆ بنیادنانی (كەساتی تر بێت).

ئێستاش ئێوە و پوختەیەك بۆ ئەم سێ بنەما تایبەتەی بە قسەكردن، پێش ئەوەی قسەبكەم دەبێت سێ پرسیاری گرنگ لەخۆم بكەم:

- ئایا قسەم راستە یان نا؟ ئەگەر ئەوەی دەیلێم راست نییە پێویستە بێدەنگبم.
- ئەگەر قسەم راست بوو: ئایا دەبێتە هۆی بنیادنانی كەسێكی تر یاخود دەبێتە هۆی روخاندنی؟ ئەگەر بیروخێنێت پێویستە بێدەنگبم.
- ئەگەر قسەم بنیادنەر بێت: ئایا دەتوانم بە خۆشەویستیەوە بیلێم یان نا؟ ئەگەر نەمتوانی بە خۆشەویستیەوە بیلێم پێویستە بێدەنگبم.

---

**پرسیاری 8** بەڕای تۆ- گرنگی (ئەفەسۆس4: 17 – 5: 17) چییە لە ژیانت؟

**تێبینییەكان:** (ئەفەسۆس4: 17 – 5: 17) فێرم دەكات بۆچی من هەم لەسەر ئەم زەوییە. من لەسەر ئەم زەوییە هەم بۆ ئەوەی ئەو ژیانە بژیم كە خودا دەیەوێت بیژیم. چونكە ژیانی نوێ ژیانێكە دەگونجێت لەگەڵ ویستی خودا. ژیانی نوێ كە خودا بانگهێشتم دەكات بۆی (ئەفەسۆس4: 1) ژیانێكە بە تەواوەتی جیاوازە لەو ژیانەی نەتەوەكان دەژین (4: 17). چونكە ژیانی نوێ وام لێدەكات بە بەردەوام گوناهە كۆنەكانم فرێبدەم و راستوودروستی نوێ لەبەربكەم. ژیانێكە جیاوازە بە چاكە و پیرۆزی و راستی (ئەفەسۆس4: 22-24)، جیاوازە بە روناكی (ئەفەسۆس5: 2)، جیاوازە بە دانایی (ئەفەسۆس5: 15)، هەروەها لە رێگای (ئەفەسۆس4: 17 – 5: 17) فێردەبم كە چۆن دەكرێت ژیانم بە ئامانج و بە مانابێت.

**هەنگاوی 4 : ئەنجامبدە**

**بیربكەرەوە:** كام لەو راستییانەی كە لە كتێبی پیرۆز هاتووە دەست دەدات وەكو كارێكی رەفتاری باوەڕداران؟

**بەشداری كردن:** وەرن با پێكەوە بیر بكەینەوە و ئەو رێكخستنانە بنووسین كە دەتوانین لە (ئەفەسۆس4: 17-5: 17) دەریبهێنین؟

**بیربكەرەوە:** ئەو رێكخستنە پێشنیاركراوە چییە كە خودا لێتی داوا دەكات بیگۆڕیتە بە رێكخستنی كەسی؟

**بنووسە:** ئەم رێكخستنە كەسییە لە پەراوەكەت بنووسە. هەست بە سەربەخۆیی بكە لە بەشداری كردنی رێكخستنە كەسیەكەت كە خودا لە دڵتی داناوە. (لەبیرت بێت كە ئەندامانی هەر گروپێك راستی جیاواز رێكدەخەن: یاخود لە خودی راستییەكە رێكخستنی جیاواز دەردەهێنن. ئەمەی خوارەوە لیستەیەكە بە رێكخستنە پێشنیارە كراوەكان).

نموونەی رێكخستنی پێشنیار كراوەكان.

| | |
|---|---|
| 4: 17-19 | بیردەكەمەوە لە جۆری ژیانی نەتەوەكانی دەورووبەرم، پاشان بە شێوەیكی جیاواز لەوان دەست دەكەمە ژیان. |
| 4: 24 | بیردەكەمەوە چۆن دەكرێ راستوودروستی و پیرۆزی و راستی ببنە راستییەك لە ژیانم. |
| 4: 25 | رزگاردەبم لە هەموو جۆرەكانی درۆ و لە راستی زیاتر هیچ نالێم. |
| 4: 26 | فێردەبم تورەییم كۆنترۆڵ بكەم. |
| 4: 27 | وریا دەبم نەوەكو شوێن بدەمە شەیتان لە ژیانم. |
| 4: 28 | كاردەكەم و بە ئارەقی نێوچەوانی خۆم دەژیم. |
| 4: 28 | یارمەتی هەژاران دەدەم. |
| 4: 29 | خەڵكیتر بنیات دەنێم لە رێگای ئەو وشانەی پێیان دەڵێم. |

| | |
|---|---|
| 4: 30 | ئاگادار دەبەم نەوەك روحی پیرۆز خەمبار بكەم. |
| 4: 31 | رزگار دەبم لە هەموو جۆرەكانی ستەم و خراپی. |
| 4: 32 | هەوڵ دەدەم لەو كەسانە ببوورم كە خراپەیان لەگەڵدا كردووم. |
| 5: 1 | هەوڵ دەدەم زیاتر خودا بناسم و ببمە سەر شێوەی ئەو. |
| 5: 2 | زیاتر و زیاتر فێردەبم كە چۆن وەك باوەڕدارێك هەموو كەسێكم خۆشبوێت. |
| 5: 3-7 | دوور دەكەومەوە لەو كەسانەی قسەی ناشرین دەكەن و بە گێلانە هەڵسوكەوت دەكەن. |
| 5: 8-14 | ئەو تاریكییە لادەبەم كە لە ژیانی من و براكانم دایە. |
| 5: 14-17 | فێردەبم كە ببمە دانا لەرێگای ئەنجامدانی ویستی خودا. |

نموونەی رێكخستنی كەسی.

ئـ) دەمەوێت بە شێوەیەك بژیم كە تێیدا هەست بكەم بە ئامادەبوونی خودا. هەروەها بەشێوەیەكی تایبەت دەمەوێت فێربم كۆنترۆلی توڕەییم بكەم، و ئاشت ببمەوە لەگەڵ هەر كەسێك خراپەم لەگەڵ دەكات پێش كۆتایی هاتنی رۆژەكە.

ب) دەمەوێت ژیانم بە شێوەیەك بژیم خودا رازی بكات، هەروەها بەشێوەیەكی تایبەت دەمەوێت لە نەریتێكی كۆنی خراپ رزگارم بێت و نەریتێكی نوێی چاك بەدەست بێنم. هەروەها دەمەوێت لە ژیانم مەشق بكەم هەتاوەكو خودا ئەم نەریتە نوێیە لە ژیانم چەسپاو دەكات.

هەنگاوی **5** نزا بكە.

با بە نۆرە نزا بەرزبكەینەوە بۆ خودا، هەر كەسێك بۆ راستییەك نزا بكات كە خودا لە رێگای (پەیدابوون1: 1-2: 4) فێرمانی كرد. (لە نزاكەت لەگەڵ ئەو شتە وەڵامدانەوەت هەبێت كە لە وانەی ئەم پەرتووكە فێری بوویت. مەشق بكەن لەسەر نزای كورت كە لە رستەیەك یاخود دوو رستە پێكبێت. لە بیرت بێت كە ئەندامانی هەر گروپێك دەتوانن بۆ شتی جیاواز نزا بكەن)

## نزا

لە گروپی دووانی یاخود سیانیی، نزا بەرز بكەنەوە لە پیناوی یەكتری و هەموو جیهان.

## ئەركی ماڵی

## بۆ وانەی داهاتوو

رابەری گروپ: ئەم ئەركەی خوارەوە بە نووسراوی بدە ئەندامانی گرووپەكەت، یاخود داوایان لێبكە لە پەڕاوەكانیان بینووسنەوە.

**بەڵێن:** بەڵێن بدە یەكێك لە رێخستنەكان ئەنجام بدەیت.

**خەڵوەتی روحی:** هەموو رۆژێك كاتێكی بەسەر بەرە لە خەڵوەتی روحی. رۆژانە نیو بەشی بخوێنە (مەتا15: 1-18: 20). شێوازی راستی پەسەندكراو بەكار بهێنە. تێبینیەكانت بنووسە.

**دەرخ كردن:** وردبەرەوە لە ئایەتە كتێبییە نوێكان و دەرخیان بكە. (یۆحنا16: 24). هەموو رۆژێك پیداچوونەوەیەك بكە لەو ئایەتە كتێبییانەی دەرخت كردووە.

**نزا:** ئەم هەفتەیە سەبارەت بە شتێك یاخود كەسێكی دیاریكراو نزا بكە، چاوەڕوانبە خودا چی دەكات. (زەبووری5: 3).

**زانیارییە نوێكان بنووسەوە لە پەڕاوی** تایبەت بە قوتابێتی. ئەو تێبینیانەت بنووسە كە پەیوەندی هەیە بە خەڵوەتی روحی، دەرخ كردن، خوێندنەوەی كتێبی، ئەم ئەركە ماڵییە.